# بۆ گۆڕینەوەی بیرورا هونەرییەکانی کوردستان و وڵاتی لوبنان
# هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر بەرەو بەیرووت دەکەوێتە ڕێ



هەڵکەوت زاهیر پێش لە سەردانەکەی لە میانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ فایلی هونەری،مژدەی چارەسەربوونی کێشەکانی هونەر بە گشتی دەدات

راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری هونەری هونەرمەند (هەڵکەوت زاهیر)لەسەر بانگێشتێکی فەرمی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی حکومەتی لوبنان،رۆژی 2006/4/14 بەرەو ئەو وڵاتە بەرێ کەوت،بەر لە رۆیشتنی هەڵکەوت زاهیر لەبارەی ئامانجی سەردانەکەیەوە بۆ فایلی هونەری دواو گوتی:ئەم سەردانەم سەردانێکی فەرمییە و بۆ کاروباری هونەرییە،هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر بانگێشتی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی لوبنان بەرەو ئەو وڵاتە دەڕۆم،چەند چالاکییەکی دیکەش لە خزمەتی هونەردا ئەنجام دەدەین وەک ئەوەی سەردانی ئەکادیمیای سینەما و موزیک و چەند دەزگەیەکی هونەری دەکەم،بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیروڕای هونەریمان لەگەڵ وڵاتی لوبنان،هیوام وایە ئەم سەردانەمان کردنەوەی دەرگایەک بێت،لەبەردەم هونەرمەندانی هەردوولا،لە بەرنامەماندایە گەر بتوانین هونەرمەندانی ئەوێ بانگێشت دەکەین بۆ کوردستان،هونەرمەندانی کوردستانیش دەبەینە ئەوێ،بە مەبەستی دروستبوونی تێکەڵاوی زیاتری هونەری و تێگەیشتن لە بیروراکانی یەکتری،هەروەها گەر بتوانین بۆ خوێندن چەند کەسانێک وەکو زەماله بنێرینە ئەوێ،هەر لەم سەردانەدا کۆنسەفیتواری لوبنان بەسەر دەکەمەوە،لەگەڵ بەرێوەبەری ئەو شوێنە پەیوەندیمان پێکەوە کردووە و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو مەبەستە دەربڕیوە.

لە ژمارەی داهاتوودا دەقی چاوپێکەوتنەکە بخوێنەوە